# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی «فەلسەفەی مێژوو »

## پەروا ئەنوەر

---

**ناسنامەی کتێب: فەلسەفەی مێژوو، نووسینی د. داریـوش ڕەحـمـانـیـان، وەرگێڕانی جەلیلی مورادی، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژ بەیانی، ٢٠١٦ .**




**ISBN: 976-622-91237-7-0**

## ❖ خوێندنەوەیەکی کورتی کتێبی «فەلسەفەی مێژوو »

فەلسەفەی مێژوو دەستەواژەیەکـی نوێیە. لە سەردەمی ڕۆشنگەری، واتە لە سەدەی هەژدە هاتە ئاراوە. ئەم دەستەواژەیە یەکەم جار لەلایەن (ڤـۆڵـتـێـر)ی فەیلەسوفی فەڕەنسیەوە بەکاربراوە.

لـەڕاستیدا مەبەسـتـی ڤۆڵتێر لـە فەلسەفەی مێژوو، جۆرێکـە لـە مێژوو نـووسینـی ڕەخنەیـی لـەسەر بنەمای عەقلانیەت.

ئەگەر نووسینەوە و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو، یەکێک لەئەرکەکانی مێژوو بێت، ئەوا لێکۆڵینەوە و قوڵبوونەوە و گەڕان و پشکنینی وردی ئەو ڕووداوانە، یەکێکیتر لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی مێژوو دەبێت . بەشێوەیەک دیوی دووەمی مێژوو پێک دەهێنێت.

سەردەمانێک تەنها بەوچاوە لە مێژوو دەڕوانرا، کە تەنها وێناکردنەوەی ڕابردووە. بەڵام بەسەرهەڵدانی فەلسەفە و پرسیارکردنی لە چییەتی مێژوو، دیوە پڕ بایەخ و گرنگەکەی مێژوو خرایە ڕوو. کە دەشێ بە فەلسەفەی مێژوو ناوی ببەین.

بێگومان بایەخی فەلسەفەی مێژوو لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە پێش هەموو شتێک جۆرێک لە هۆشیاریمان لا دروست دەکات، دەربارەی ڕووداوەکانی ڕابردوو لەگەڵ ئەو هۆکار و فاکتەرانەی کاریان لە ڕووداوەکانی مێژوو کردووە. هاوکات درووستبوونی گومان و ڕادەست نەبووم بە ڕووداوەکان و ئەو هۆکارانەی کە کاریان لە مێژوو کردووە.

بەمانایەکی تر فەلسەفەی مێژوو، ڕێگەمان پێ نادات، بێ گومانکردن، پابەندی ڕاستی هیچ جۆرە ڕووداوێکی مێژوویی ببین.

ئەم کتێبەی بەردەستمان خستنەڕوویەکی ئەکادمیمیانەیە بۆ فەلسەفەی مێژوو ، لەڕووی چیەتی مێژوویی و فاکتەرە

www.kurdishbookhouse.com

کارتێکراوەکانی پشت ڕووداوە مێژووییەکان. هەروەها شیکردنەوەی بیرو ڕاو بۆچوونە جیاوازەکانی بیریارانی بواری فەلسەفە و فەلسەفەی مێژوو. وەختستنەڕووی تیۆرەکانی ڕاڤەی مێژووییە.

بە پشبەستن بەو ئەزموونەی خۆشی کە مامۆستای زانکۆیە، نووسەر لە کتێبەکەیدا بابەتیانە ئەو بیرو ڕایانەی ڕوونکردووەتەوە... بۆیە دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان و کتێبخانەی کوردی لێی بڕوانرێت.

ماوەتەوە بڵێین نووسەر (د. داریوش ڕەحمانیان) ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی تارانە و لەبەشی مێژووی ئەو زانکۆیە، وانە دەڵێتەوە. لەم ڕووەوە ئەو سەرچاوانەی لەم کتێبەیدا بەرچاو دەکەوێت تا ڕادەیەکی زۆر، کەم و دەگمەنن.

این متن به صورت اختصاصی جهت انتشار در سایت خانه کتاب کُردی به نگارش درآمده است و هر نوع بازنشر آن با ذکر منبع «سایت خانه کتاب کردی مجاز می باشد.

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse